
# ئەنفال – کورد و دەوڵەتی عێراق نووسینی (شۆڕش حاجی)

کوردستان نێت




ئەم باسە دەربارەی یەکێك لە گەورەترین ئەو کارەساتانەیە لە سەدەی رابوردوو بەسەرگەلی کوردا هاتووە لە کوردستانی عێراق، کە ئەویش ئەنفالە. ئەنفال بووە مایەی زەرەرو زیانێکی سەروو ماڵی یەکجار گەورە بۆ خەلکی گوندەکانی کوردستانی عێراق. هەروەها ئەنفال کاری کردە سەر رەوتی رووداوەکانی دواترو سەرجەم بزاڤی رزگاریخوازی کورد. ئەنفال و پاشماوەکەی کاریان کردۆتە سەر ژیانی سەدان هەزار کەسی تر.

نووسەر بابەتەکانی ئەم باسەی بەسەر پێنج بەش دابەش کردوە. تیایدا دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و تێروانینی کوردو عەرەبە حوکمرەواکانی عێراق بەرامبەر یەکتری باس کردوە. ئەم دوو تێڕوانینە خۆیان لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەرامبەر کوردو، ئەو ڕاپەڕینو بزوتنەوە چەکدارانەی گەلی کورد دژی حکوومەتی عێراق دیوە تە وە.

بەشێکی تری ئەم باسە دەربارەی زەمینەخۆشکردنە بۆئەنفال لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە. باسی هەموو ئەو هەنگاوانە کراوە کە کاربەدەستانی عێراق گرتیانە بەر تا دەستپێکردنی ئەنفال. ئینجا لە بەشێکی تردا باسی هەموو قۆناغەکانی ئەنفال کراوەو شێوەی بەرێوەچوونی هێرش و پەلامارەکانی لەشکری عێراق و بەرگری پێشمەرگەو خەلکی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق روونکراوەتەوە. هەروەها چارەنووسی خەڵك لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفال بە درێژی شێکراوەتەوە.

بەشێکی گرنگی تری باسەکە بریتیە لە بەراوردی نێوان هێزەکانی عێراق و کورد لە ئەنفالدا. لەوێدا هەموو ئەو یەکە سەربازی، فەوجی جاشی سووك و مەفرەزە خاسەو دەستگا حکوومەتی و داپلۆسێنەرانە باسکراون کە رۆژانە لە کاتی ئەنفالدا بەشداری پەلامارەکانیان کردووە بۆ سەر یەکە یەکەی گوندو ناوچەکان. ئەمەو هێزی هەموو حیزب و رێکخراوە کوردییەکانی ئەوسای کوردستان ریز کراون لەگەل هێزی پشتگیری گوندەکان. هەروەها ناوی هەموو ئەو ئەفسەرو، فەرماندەو، سەرۆکجاش و لێپرسراوانەی کە لە قۆڵە جیا جیاکاندا رۆلی دیاریان هەبووە دۆکیومێنت کراوە. سەرەرای ئەوانە، ناوی ئەوانەی کە لە قۆناغەکانی ئەنفالدا نۆتی ئازایەتیان لەلایەن سەدامەوە دراوەتێ یاداشت کراوە.

دوا بەشی باسەکە شێکردنەوەیەکی بابەتیە لە ژێر ناوی "ئایا دەکرا ئەنفال روو نەدات". هەموو لایەنەکانی ئەم گۆتەیە بەشێوەیەکی زانستی شێکراونەوە. ئایا سەرکردایەتی بزاڤی کورد چمکێکی ئۆباڵی ئەنفالیان لە ئەستۆدایە یان نا؟ ئایا دەکرا رەوتی رووداوەکان بەئاقارێکی دی برۆیشتایا؟ ئایا سەرکردایەتی بزاڤی کورد نەیاندەتوانی کارێکی وا بکەن کە ئەنفال بەو شێوەیەو لەو کاتەدا رووی نەدایە؟ یاخود ئایا دەوڵەتی عێراق بێ هیچ بیانوویەکیش سیاسەتی لەناوبردنی کوردی هەر پیادە دەکرد؟

لە دوا ووتەی باسەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە چی پێویستە بۆ ئەنفال و قوربانیەکانی بکرێت. نووسەر لە ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا پشتی بە سەدان دۆکیومەنتی دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق بەستوەو چل دۆکیومەنتی هەڵبژاردەی بە کۆتایی باسەکەوە لکاندووە. هەروەها شەش نەخشەی خستۆتە ناواخنی باسەکەوە.

www.anfalbook.com بۆ زانیاری زیاترو دەستکەوتنی کتێبەکە بڕوانە

**بۆ گوێگرتن لە گفتوگۆیەك لەکەڵ رێزدار شۆڕش حاجی ئێرە کلیك بکە**